فەرمانم پێکراوە کە لە سەر حەوت ئێسک سوجدە بەرم

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «فەرمانم پێکراوە کە لە سەر حەوت ئێسک سوجدە بەرم: لەسەر نێوچەوان وبەدەستی ئاماژەی بۆ لووتی کرد (واتا نێوچاوان ولووت یەکەم ئەندامە)، وهەردوو دەستەکان، وهەردوو ئەژنۆکان، وسەرە پەنجەی پێیەکان، وجلەکان وقژم (کۆنەکەمەوە لەکاتی نوێژکردندا)».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لەسەر حەوت ئەندامی لاشە سوجدە ببات؛ ئەوانیش بریتین لە: یەکەم: نێوچەوان؛ کە ئەمیش بەشی سەرەوەی ڕووە لەسەرووی لووت وچاوەکان، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەدەستی ئاماژەی بۆ لووتی کرد، وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەوەی نێوچەوان ولووت بەیەك ئەندام هەژمار دەکرێن لە حەوت ئەندامەکە، وبۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی دەبێت سوجدەبەر لووتی بدات لەسەر زەوی. ئەندامی دووەم وسێیەم: هەردوو دەست. ئەندامی چوارەم وپێنجەم: ئەژنۆکان. ئەندامی شەشەم وحەوتەم: پەنجەی پێیەکان. وفەرمانی پێمان کردووە بەوەی قژ نەبەستینەوە، وجلەکانمان کۆ نەکەینەوە بەسەر یەکتر لەکاتی سوجدە بردن ؛ بەمەبەستی پاراستنی، بەڵکو وەکو خۆی وازی لێدەهێنن بۆ ئەوەی بکەونە سەر زەوی، و لەگەڵ ئەندامەکانی تر سوجدە ببەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10925